سەماحەتی سەید حەکیم لەدیداری شیخ و پیاوە دیارکانی ئالی ئەلجەوابر : بەشداری کردنی هەشیارانە گرەنتییە بۆ سەقامگیری سیاسی



رۆژی چوارشەممەی ڕابردوو بەرواری 24ی ئەیلول بەڕێز سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە کەمەك شیخ و پیاوە دیارەکان و گەورەکانی هەزفی ئەجەوابری ئازیز، دوای پێشوازی کردن لێیان و گوێگرتن لە بۆچوون و بۆدواچوونیان لەسەر ڕووداوەکانی ناوچەکە و کاریگەری لەسەر عێراق بەرێز حەکیم ڕوونیکردەوە کە عیراق دوای 2003 مەینەتی زۆری بینی بەهۆی خوێندنەوەی هەڵەی وڵاتانی ناوچەکە و کاتێك عیراق ڕووبەڕووی بەشەیتانکردن و شەواندن هاتەوە و بووە گۆڕەپانێك بۆ توندڕەو و تیرۆریستان، ئەوە جگە لە ناکۆکی و شڵەژی سیاسی و کەمەلایەتی.

سەید حەکیم ڕوونیکردەوە کە عیراق ئەمڕۆ لەدەخێکی سیاسی و کەمەلایەتی و ئەمنی دایە و داوای کرد پارێزگاری لەو هاوسەنگییانە و پێکهاتە کەمەلابیەتییەکان بکرێت و دووپاتیشی کردەوە کە بەشداری کردنی کاریگەر و بەرفراوان و هەشیارانە لە هەلبژاردنەکان گرنگی خۆی هەیە، گوتیشی یەك دەنگیش گرنگە کاریگەرە و نابێت بە کەمی بزانن.

سەید حەکیم ڕوونیشی کردەوە کە پێوەری هەڵبژاردن دەبێت بەڵای پیاوی باش و لیستی باش بێوات، ڕوونیشی کردەوە کە خەرجکردنی پارە بەڕۆژێکی زەر لە لایەن هەندێك پاڵەوراوان جێگای گومانە، لەبەر ئەوەی ئەو پارانە لەگەڵ داهاتی پاڵەوراوەکە بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان هیچ گونجاو نییە..